# * پێشڕەویی بزووتنەوەی ژنان لە سایەی کام ستراتێژی سیاسیدا؟

ن: مەیسەم مەردوخ

و: یوسف عەلی پور

لەو هەوراز و نشێوانەیدا کە بزووتنەوەی ژنانی ئێران لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیانی خۆیدا بە سەریدا تێپەڕیوە، ئێستا لە بارودۆخێکدایە کە بۆتە یەکێك لە ئەستونەکانی خەباتی جەماوەریی لە دژی ئەو بێمافیە لە رادەبەدەرانەی کە لە ژێر دەسەڵاتداریێتی سەرمایەداریی ئیسلامیدا بە سەریاندا داسەپاوە. ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا لە ژێر یاساکانی دژی ژنی سەرمایەداریی ئاوێتەبوو لەگەڵ کولتوری نەریتی و پیاوەمەزنی و ئایینی لە سەرجەم مافە بنەڕەتی و مرۆییەکان بێبەشن. هەڵاواردنی رەگەزی لە شێوازی جۆراوجۆردا، توندوتیژی، سوکایەتی، ئەزیەت و ئازار و بێحورمەتی کردنی بەردەوام بە ژنان لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگاوە بە هەموو شێوازەکانیەوە، داسەپاندنی یاسا دژی مرۆیی و دواکەوتووە ئایینیەکان، راپێچکردنی ژنان بۆ سوچی چێشتخانە و کاری ناوماڵ، داسەپاندنی خۆکوژی و خۆسووتاندن، کڕین و فرۆشتنی ژنان لە لایەن مافیاکانی سەرمایەوە لە پێناو پەرەدان بە بازاڕی سەرمایەداری، داسەپاندنی هەڵاواردن بەسەر ژناندا لە شوێنەکانی کار و پەرەدان بە لەشفرۆشی، تەنیا چەند نمونەیەك لە جێگاوشوێنی ژێردەستەیی ژنان لە کۆمەڵگای سەرمایەداریی ئیسلامیی ئێراندایە.

رۆڵ و بەشداریی بە گوڕوتین و بوێرانەی ژنانی خەباتکار و ئازادیخواز لە ریزی پێشەوەی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی ئەم چەند مانگەی دوایی لە دژی بێمافیەکان و سەرکوتی دیکتاتۆریی سەرمایەداری و دەستەبەرکردنی ئازادی و یەکسانی، بە ئاشکرا دەرخەری گەشەی ئاستی خەباتی ژنانی زۆرلێکراوی ئێرانە. بەڵام ئەگەر ژنان لە ئاستێکی جەماوەریتر لە خەباتی سیاسی پێیان ناوەتە گۆڕەپانی خەباتێکی تازەوە و بە کردەوە لەدژی دەسەڵاتداریێتییەك راپەڕیون کە زیاتر لە سێ دەیە دزێوترین توندوتیژیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بەسەردا سەپاندوون، دیسانەوە دووهێندەی جاران زوڵم وزۆریان لێکراوە و چەوساونەتەوە، بەڵام بزووتنەوەی ژنان هێشتا لە رێکخراوبوون و ستراتێژییەکی دروست بەدوورە، بزووتنەوەی ژنان لە ژێر کاریگەریی رەوتی ناسراو بە ئیسلاحخوازاندایە و هێشتاش باڵادەستیی ئەو رەوتە لە سەر کەش و هەوای خەباتکارانەی ژنان لە چوارچێوەی (کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا)دا قورسایی دەکات کە ناسینی ناوەرۆکی چینایەتی و سیاسیی ئەو رەوتە و دۆزینەوەی رێگاچارەکانی پێشڕەوی و تێپەڕین لەو گێژاوەی کە سەرجەمی خەباتی ئازادیخوازنەی ئێران و بە تایبەتی ژنانی تێدا گیرۆدە بووە، دەخوازێت.

ئیسلاحخوازان و لیبرالیزمی ئێرانی بە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانیەوە بە درێژایی چالاکیی سیاسیی خۆیان و بە هەموو هەوڵەکانیانەوە، لە هەوڵی ئەوەدان کە خەباتی رزگاریخوازانەی ژنان بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان بەلاڕێدابەرن، کۆنترۆڵ و نەزۆکی بکەن بۆ ئەوەی توانای بەرامبەرکێی لە گەڵ ریشەی زوڵم و زۆری سەرچاوەگرتوو

له دەسەڵاتدارێتی بوورژوازی نەبێت و لەم پێناوەشدا ئەوەی له دەستیان هاتووە کردوویانه. کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا که بریقەدارکردنی سیاسەتی باڵی راست و دواکەوتووی بزووتنەوەی ژنانی ئێرانه، توانابیه شۆڕشگێڕانەکانی بزووتنەوەی ژنان بۆ بەرتەسك کردنەوەی چالاکی له چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی و کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ گوشارهێنان لەسەرەوە بۆ سەر مەلاکان و وەلایەتی فەقیهی دەسەڵاتداری ئێران، و هەروەها بزووتنەوەی ژنانیش وەکو ئامرازێك هەم بۆ بەشداریی له دەسەڵاتدا و هەم بۆ کۆنترۆڵی جموجۆڵی رادیکاڵ و پێشڕەوی ژنان بەکار دێنن. ئەوەش یانی یەخسیر کردنی ژنان له چوارچێوەی ئەو یاسایانەدا که ژنانی کردۆته کۆیله و هەموو رۆژێش پەرەی پێدەدرێت و به شێوازی جۆراوجۆر له کۆمەڵگادا بنەڕەتی دەکرێتەوە و به سەر ژنانیشدا دەسەپێت. قسربوونی کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا و بێ ئاسۆیی لیبراڵیزم که رۆژ به رۆژ زیاتر رسوایی خۆی دەردەخات، نەتەنیا هیچ رێگەچارەیەکی بۆ دەربازبوونی ژنان له داوی یاسای دژی ژن و ژێردەستەیی و کۆیلەتی ژنان له هەمبانەدا نییه، بەڵکو بەکردەوە ژنانی خەباتکار و یەکسانیخوازیش بۆ دورکەوتنەوە له خەباتی سیاسی و بەناو خەباتی توندوتیژانه بانگهێشت دەکەن و زیاتر له پێشوو لەباربردنی توانابیه خەباتکارانەکانی ژنان بۆ وەدەیهێنانی داخوازییه مرۆییەکانیان، سیاسەت و ستراتیژی سیاسیی ئەوان بووە و ئێستاکەش هەر هەیه.

بانگهێشتی ژنان بۆ ملکەچبوون له بەرامبەر یاسای داسەپاودا به ریفۆرمێکی ناروون له سەرەوەڕا و له چوارچێوەی یاساکانی ئیسلامیدا هیچ شتێك نییه بێجگه لەوەیکه ژنان له گێژاوێکەوە تووشی گێژاوێکی تر دەکەن و بێجگه له هەروامانەوەی ژیانی کۆیلەیی و ژێردەستەیی ژنان و بەردەوامبوونی پەیوەندییه چینایەتیەکان، هیچ رێگەیەکی تر ناخەنه بەر پێی ژنان، و له راستیدا ئەوەیه ناوەرۆکی رەوته راست و لیبراڵە بورژواییەکان له ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا و به تایبەتیش له ناو بزووتنەوەی ژناندا.

ئێستا که ژنان له خەباته جەماوەریەکانی ئەم دواییانەدا بوونەته ئەستوونێکی نەگۆڕی خەبات بۆ رزگاریی له کۆت و بەندی کۆیلەتی سەرمایه و یاساکانی ئیسلامی و دژی ژنی ئەوان، سەرەڕای ئەو هەموو کوشت و بڕە بەربڵاوە، زیندان و ئەشکەنجه به شێوازەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، سەرکوتکاریه دڕندانەکانی هێزه به ناو ئاسایشیەکانی رژێم له دژی خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی ئێران و ژنانی خەباتکار له پێناو بەچۆك داهێنانی ئەواندا — ئەو ژنانەی که به درێژایی ژیانی خۆیان هیچ شتێکیان بێجگه له توندوتیژی و نایەکسانی و چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر له ژێر دەسەڵاتدارێتیەکی وەها دەسەڵاتێکدا به نسیب نەبووە - نه تەنیا نایانهەوێت درێژه بەو بارودۆخه بدەن بەڵکو بەکردەوە ئەولاوەتر له خۆهەڵکێشانی سەرانی کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا و ئیسلاحخوازانی دەرکراوی دەسەڵات رۆیشتوون و به کردەوە بوونەته یەکێك له بناغه سەرەکییەکانی خەبات بۆ ئازادیی زیندانیانی سیاسی و به هیچ شتێك بێجگه له ئازادی و یەکسانی قانع نابن. رادیکاڵیزەبوونی رەوتی بەرەوپێشی ناڕەزایەتییەکانی خەڵك و بەشداریی بەگوڕوتینی ژنانی ئازادیخواز، بوونی توانابیه سیاسی و ئازادیخوازانەکانی ژنان، باڵی ئیسلاحخوازی دەسەڵاتیشی به رادەی باڵی دەسەڵاتدار تۆقاندووە و به هەموو تواناکانیانەوە له هەوڵی ئەوەدابوون که چالاکانی سیاسی و بەتایبەت ژنان سەرکوت

بکەن و هەنوکەش لە توندترین شێوازەکان کەڵك وەردەگرن. ئەو باڵەی رژێم کە لە دەسەڵات دورخراوەتەوە و ئەو گوێڕایەڵانەی سەرەڕۆیی و دواکەوتوویی، لە رەوتی رادیکالیزەبوون و دروشمە رەچەشکێن و پەڕیاساییەکان، وەتەنگ هاتوون و لە ژێرناوی وتەبێژ، رێبەر و رزگاریدەری خەڵك لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، هەر بەو هۆیەوە سەرکۆنەی جەماوەری ناڕازی دەکەن و نایانهەوێت لە چوارچێوەی یاسای بەرژەوەندیخوازانەی سەرمایە و دواکەوتووی ئایینی ئەولاوەتر برۆن. رەوتی موسەوی و کەڕوبی شتێکی جیاواز لە دۆخی زاڵ بەسەر ئێراندا نەبوون و نین و کورد گوتەنی: کەشکیش برای دۆیە! هەر لە بەر ئەو هۆیەشە کە هەموو هەوڵەکانیان بۆ خستنەژێر رکێفی ئەم بارودۆخەی ئێستا خستۆتە گەڕ و بۆخۆیان باشتر لە هەموو کەس دەزانن کە بوونی ئەوانیش بە هەروامانەوەی ئەم بارودۆخە و پاراستنی سیستمی زاڵ بە سەر ئێراندا گرێ دراوە و هەرچەشنە گۆڕانکارییەك لە داهاتووی ئێراندا بەکردەوە دەستی ئەوانیش لە چەوساندنەوە و دەسەڵات کورت دەکاتەوە و کۆتایی بە ئەوانیش دێت، هەر بۆیە بەپەلەپڕوزە لە هەڵوێست گرتن و راگەیاندنەکانیاندا لەسەر بنەماکانی سیستمی زاڵ بەسەر ئێراندا ئەویش بەبێ هیچ کەموکوڕییەك پەیمان نوێ دەکەنەوە. لە گەرمەی ئەم بارودۆخە سیاسی و گۆڕانکاریەکاندا، بزووتنەوەی ژنان کەوتۆتە سەر دووڕیانێك کە هەرکامیشیان بەرژەوەندیی جیاوازیی خۆی هەیە و دەبێ بزووتنەوەی ژنان لە نێوان دیاریکردنی دوو ستراتێژی دژبەیەکی سیاسی واتە سۆسیالیزم و لیبڕالیزم بۆ بەدواداچوون و وەدیهێنانی ویست و داواکارییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیەکاندا، رەوتی بەرەوپێشی خۆی بە یەکێك لەم دوو ستراتێژە سیاسییەوە گرێ بدات.

بزووتنەوەی ژنان یان دەبێ چالاکییەکانی خۆی لە چوارچێوەی چالاکیی لەژێر سیستم و چوارچێوەی یاسای پیاوەمەزن و دژی ژن، هەروامانەوەی رۆژرەشی و زوڵم و زۆری سەر ژنان بەرتەسك بکاتەوە و ببێتە پاشکۆی لیبراڵیزم، یان ئەوەیکە دەبێ ئەولاوەتر لەوەیکە ئیسلاحخوازان و ئیدۆلۆگەکانی کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا بانگەشەی بۆ دەکەن، هەنگاو بنێت و بە پشت بەستن بەهێزی رێکخراوی خودی ژنان و بە گرتنەبەری ستراتێژییەکی سۆسیالیستی و لە پەیوەندییەکی قوڵدا لە گەڵ سەرجەم بزووتنەوە رادیکاڵەکان و بەشێوەیەکی دیاریش بزووتنەوەی چینایەتیی چینی کرێکار هەتا گەیشتن بە مافە پێشێلکراوەکانی خۆیان، چالاکانە بەشداریی بکەن و ئاشکراشە کە هەر دەسکەوتێك لە هەر هەنگاوێکی خەباتی ژناندا لەسەر گرتنەبەری وەها ستراتێژییەك وەدی دێت.

لەو رووەوە کە باڵی دورخراوەی دەسەڵات هاوتەریب لەگەڵ سەرجەم رەوتە راست و لیبراڵەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات (هەروەك بە پێی ناوەرۆکە سیاسیەکەشیان پێش بینی دەکرا) بەکردەوە لە بەرامبەر رەوتی رادیکاڵیزەبوونی خەباتی جەماوەریی خەڵك سەریان سوڕماوە و بە ترس و لەرزەوە پاشەکشە دەکەن و هاواری ئاشتیخوازی و رێککەوتن لەگەڵ باڵی دەسەڵاتدار بەرز دەکەنەوە و لە لایەکی تریشەوە چونکە لەسەر بە فەرمی نەناسینی ئەم دەوڵەتەی ئێستا جەختیان دەکردەوە، ئێستا نەتەنیا دانیان بە بوونی ئەم دەوڵەتە داناوە بەڵکو بۆ پاراستنیشی لە هیچ هەوڵێك خۆیان ناپارێزن. لەو رووەوە کە بزووتنەوەی جەماوەری لە ژێر رکێفی ئەواندا نەماوە و بە بێ گوێدانە بانگەواز و نەسیحەتەکانی ئەوان بەکردەوە گۆڕەپانی خەباتیان نە تەنیا چۆڵ نەکردوە بەڵکو هەرچۆنێك کە بۆیان بکرێت نارەزایەتیی خۆیان بەم

بارودۆخە دەردەبڕن بۆ ئەوەی بتوانن ویست و داخوازییە بنەڕەتیەکانی خۆیان لەم دەسەڵاتە بستێنن یان بەسەریاندا بسەپێنن، بەچۆکداهێنانی ئەم ڕەوتە راست و دواکەوتووانە و بێ ئاسۆیی و سەرلێشێواویی ئەوان لە پەیوەند لە گەڵ خەباتی خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخواز، بوارێکی بەرچاوی بۆ گەشەی بزووتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی دابین کردووە. ئێستا پێویستە کە ئەم بزووتنەوەیەی کە لە ئارادایە لە لایەن چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانەوە ڕێبەرایەتی بکرێت و بەرەوپێش ببرێت.

رەخنەگرتن و لەقاودانی ناوەرۆکی چینایەتی و سیاسیی هەمەلایەنەی ڕەوتە ئیسلاحخواز و لیبراڵەکان لە سەرجەم بوارەکاندا هەم لە رووی فیکریەوە و هەم بەکردەوەش، بواری گەشەونەشەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دابین دەکات و خۆشباوەڕیەکانی بەشێك لە ژنانیش بەم ڕەوتانە لەناو دەبات. بەبێ لەقاودانی بێ بنەمایی ستراتیژی لیبراڵیزم لە وەدیهاتنی داخوازیەکانی ژنان لە ئاستی جۆراوجۆری خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، ناکرێ ژنان لە دەوری خەباتی سۆسیالیستی بەمەبەستی بەدواداچوونی سەرەتاییترین مافەکانیان ڕەوانەی گۆڕەپانی خەباتی سیاسی بکرێن. لەم رووەوە ئەرکێك کە ئێستا لەسەر شانی چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی ژنان قورسایی دەکات پشتی بە دوو تەوەری سەرەکی بەستووە. لە لایەکەوە بەشداریی بەرینی ژنان لە نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانەدا و نەبوونی ڕێبەریی، ڕێکخراوی جەماوەری و رادیکاڵ هاوکات لەگەڵ نەبوونی ستراتێژییەکی رادیکاڵ لە ژێر سایەی ئەم نارەزایەتیانەدا بەکردەوە خەباتی ژنان بەفیڕۆ دەچێت. چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی ژنان دەبێ بە دارشتنی شێوەکار و سیاسەتی دروست و گونجاو و بەشداریی چالاکانە لە نارەزایەتییە جەماوەریەکاندا و بەدەستەوەگرتنی جڵەوی ئەم نارەزایەتیانە، بواری پێکهاتنی بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو و بە ڕێبەرییەکی یەکپارچەشەوە، پێویستیەکانی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە دابین بکەن. ئاڵای ئەو دروشم و ویستە رادیکاڵانەی کە بتوانێت جەماوەرێکی بەرینتری ژنان لە دەوری ڕێکبخرێن، دەبێ لە سەرووی کارەکانی چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی ژنانەوە بێت و لەم ڕێگەیەوە ڕێکخراوبوونی بزووتنەوەی ژنان بەکردەوە دەردێت و ستراتیژی سۆسیالیستی لە سایەی وەها سیاسەتێکدا دەبێتە هێزێکی ماددی.

دروشمی نەهێشتنی سەرپۆشی زۆرەملێ، یەکسانیی ئابووریی، سیاسی و یاسایی لە گەڵ پیاوان، هەڵوەشاندنەوەی هەڵاواردنی رەگەزی لەسەرجەم بوارە جۆراوجۆرە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوری، ئازادیی ڕێکخراو و مانگرتن و نارەزایەتی دەربڕین، ئازادیی زیندانیانی سیاسی، بواری پێکهاتن و بەشداریی ژنان لە رەهەندە جۆراوجۆرەکاندا ئەم دەرفەتە بە چالاکانی سۆسیالیست دەبەخشێت کە پێویستییەکان و بواری پێکهاتنی ڕێکخراوە جەماوەریەکان و رادیکاڵی ژنان هەر لە جەرگەی ئەم بارودۆخە سیاسییەدا پێك بێنن. چالاکانی سۆسیالیست بە بەشداریی کردن و دەست تێدابوون لە نارەزایەتیەکان و خەباتی رۆژانەی بزووتنەوەی ژنان، بە گرتنەبەری سیاسەت و هەڵوێستێك کە خواستەکانی ژنان وەدی بێنێت، ئەو دەرفەتەیان بۆ دەرەخسێنێت کە مۆرکی رادیکاڵیزمی خۆیان لە ڕەوتی پێشڕەویی بزووتنەوەی ژنان بدەن و بوارە جۆراوجۆرەکانی خەبات لە ڕەوتەکانی ریفۆرمیست و بورژوایی وەربگرن و ببنە ئاڵاهەڵگری داکۆکی کردن

لە ڕەوابوونی خەباتی ژنان. دەبێ دان بەوەش دا بنێین کە باڵادەستیی ستراتێژی سۆسیالیستی لە بارودۆخی ئێستادا لە گرەوی وەها سیاسەتێکدایە.

لە لایەکی ترەوە بزووتنەوەی ژنان بەپێی بارودۆخیکی کۆمەڵایەتی کە هەیانە بەبێ پشت بەستن بە هێزێك کە بتوانێت دەسکەوتەکان و بواری پێشڕەویی ئەوان تەزمین بکات، ئیمکانی وەدیهاتنی دەسکەوتەکانیان کەمە یان لانیکەم دەسکەوتەکانیان پارێزراو نابن و ئەگەری ئەستاندنەوەی لە لایەن دەسەڵاتەوە دەچێتە سەرێ. بزووتنەوەی ژنان لەو رووەوە کە بەشێکی بەرینی لە ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش پێکهاتووە و بێمافی و زوڵم و زۆر و نایەکسانیی لەرادەبەدەری ئەوان هەر لەم جێگاوشوێنە چینایەتیەیانەوە سەرچاوە دەگرێت و ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش هەرچەندە وەکو هاوچینەکانی خۆیان لە لایەن سەرمایەوە بە مەبەستی کەڵەکەکردنی قازانج دەچەوسێنەوە بەڵام بەپێی تایبەتمەندیی سیستمی بەرژەوەندیخوازانەی سەرمایە و هەڵاواردنی رەگەزی لە شوێنی کار، ژنان تەنانەت لە گەڵ پیاوانی کرێکاریش مافی یەکسانیان نییە. رزگاریی لە ژێردەستی و نەبوونی سەربەخۆیی ئابووریی ژنان و دەستەبەرکردنی مافی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان لە کۆمەڵگادا بەستراوەتەوە بە پەیوەندیی خەباتی ژنان و بزووتنەوەی چینایەتیی چینی کرێکار لە دەوری خەباتی هەررۆژە بۆ باشتربوونی بارودۆخی ئابووری و ژیانی باشتر و سەربەخۆیی ئابووری و هەر لەم روەشەوەیە کە جەخت کردنەوە لەسەر خەباتی یەکگرتووانە و هاوپشتیی سەراسەریی بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی کرێکاری بایەخێکی زۆری هەیە.

خەباتی ژنان بۆ رزگاریی لەو زوڵم و زۆرە لەڕادەبەدەرەی کە بەسەریاندا سەپاوە لایەنێکی تری خەباتی چینایەتییە و بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش دەبێ بەدواداچوون و وەدیهاتنی خواستی ژنان بە ئاقاری خەباتی چینایەتیدا تێپەڕێت. چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی ژنان هەربۆیە دەبێ بەهێنانە مەیدانی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە رەهەندە سەراسەری و بەرینەکاندا بواری پێکهاتنی رێکخراوێکی جەماوەری و چینایەتیی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش وەکو پێویستییەکی خێرا و بابەتیانە بێننە گۆڕێ و هاورێ لە گەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و سەرجەم بزووتنەوە رادیکاڵ و دێموکراتیکەکان ئیمکانی داسەپاندنی داخوازیەکانی یەکسانیخوازانە و رادیکاڵی ژنانی زەحمەتکێش بەسەر سیستمی دەسەڵاتداردا وەدی بێنن. پەیوەندیی خەباتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، پەیوەندییەکی ستراتژیك، چارەنوس ساز و دیاریکەرە و بەرەوپێشچوونی هەر هەنگاوێکی ئەم خەباتانە لە ژێرسایەی ستراتێژێکی رادیکاڵ و سۆسیالیستیدا دەبێت.

پێشڕەوی و دەستەبەرکردنی ویست و داخوازیەکانی ژنان بە هەر رادەیەك بێت، لە گرەوی یەکێتی لە گەڵ بزووتنەوەکانی ئارای خەباتی گۆڕەپانی سیاسی، رێکخراوبوون و رێکخستن و ئاگاداربوون لە مافی مرۆیی و یەکسانیخوازانەی ژنانە. ئاشکراشە کە تەنیا لایەنی سۆسیالیستی دەتوانێت رێکخراوبوون و پێشڕەوی و گەیشتن بە داخوازیەکانی ژنان وەدی بێنێت. لەو رووەوە کە خەباتی سۆسیالیستی ئاسۆی رزگاریدەری خەباتی چینایەتی و

کۆمەڵایەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە دژی بێمافیەکان و نایەکسانیەکانی سیستمی سەرمایەدارییە، دەبێ چالاکان و خەباتکارانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ژنان بە بانگەشەکردن و پەرەدان بە ئایدیا سۆسیالیستیەکان و بە قەناعەتگەیاندنی جەماوەرێکی زیاتر لە ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش بە سۆسیالیزم، بوارەکانی هەستپێکراوی بزووتنەوەیەکی قوڵی کۆمەڵایەتیی سۆسیالیستی پێك بێنن. ئەگەر هەست بەو کارە گرینگە دەکەین کە تەنیا هەبوونی بزووتنەوەیەکی میلیۆنی و رێکخراوی سۆسیالیستی و چینایەتی توانای دەستەبەرکردنی ئازادی و مافی پێشێلکراوی جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگا و بەرامبەرکێ لە گەڵ سیستمی سەرمایەداریی دەبێت، کەوابوو دەبێ هەوڵبدەین بۆ ئەوەی ئاسۆی سۆسیالیستی لە رەهەندە کۆمەڵایەتیەکاندا پەرەپێبدەین.

*وەرگیراو لە گۆڤاری سۆسیالیست، ژمارە یەك